# مردنی من چییه؟ له هیچ زیاتر

حەمە کاکەڕەش، سوید



هەمیشە ڕوومان لە ژیانە و پشتمان لە مردنە
هەمیشە دڵمان لای ژیانە و جارجارێک بە تیلەی چاوێک
وەک نیگاکردن بۆ شۆخەکچێکی دراوسێ لە مردن دەڕوانین

هەمیشە خۆمان بە ئەهلی ژیان دەزانین و
کەچی دوایین دۆستمان مردنە
هەمیشە لە ڕۆژگارە دژوارەکاندا ژوانمان لەگەڵ ژیاندا هەیە و
مردنمان فەرامۆش کردووە
کەچی مردن هەموو ژوانەکانی بۆ ئێمە ڕێک دەخات
مردن تۆ ژیانت باشترە، لەوەی شووشەی ئەو هەموو دڵە دەشکێنی
ژیانت
باشترە، لەوەی ئەو هەموو پشکۆیە سارد دەکەیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی هەنگاو لە پێ و فڕین لە باڵ و ڕوانین لە چاو
دەسێنیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی لێوەکان پڕ دەکەیت لە باری غەم
زەردەخەنە پڕ دەکەیت لە گریان و ڕەنگەکان پڕدەکەیت لە بێڕەنگی
دەنگەکان پڕ دەکەیت لە بێدەنگی
مردن تۆ دڵت بە چی خۆشە

مردنی من چییه؟ له هه‌ڵوه‌رینی هه‌ناسه‌یه‌ک زیاتر
مردنی من چییه؟ ئیدی بۆ هه‌تا هه‌تایه هاوسه‌ره‌که‌م له وێنه‌یه‌کا له ته‌نیشتمه‌وه ناوه‌ستێ
منداڵه‌کانم هه‌ست به بۆنی وشه‌ی باوه ناکه‌ن
مردنی من چییه؟ من چیم له تۆ په‌ڵێک به‌فر زیاتر له چنگه گه‌رمه‌کانی تۆیا
من چیم؟ له به‌دبه‌ختێک زیاتر له سه‌رگه‌ردانێک زیاتر له ڕێگاکانی ژیاندا
من چیم؟ له دڵۆپێک ئاوی سه‌رگه‌ردان زیاتر له بیابانه‌کانی ژیاندا.
من چیم؟ له گه‌ڵایه‌کی ڕه‌نگپه‌ڕیو زیاتر له گێژاوی ڕه‌شه‌باکانی ژیاندا.
من ناتوانم گوڵه‌کانی عه‌شق ئاو ده‌م
من ناتوانم په‌نجه‌ره‌کانی ژیان بسڕمه‌وه تا فڕینی باڵنده‌کان ببینم.
چۆن له ته‌پوتۆزی گه‌رده‌لووله‌کانی تۆیا ڕێ ده‌رده‌که‌م
من به‌شی گریانه‌کانی ژیان پێکه‌نینم پێ نییه.
چۆن خامۆشیی گۆڕستانه‌کانم پێ ئاوه‌دان ده‌کرێته‌وه
مردن پیاوی باش به
مردنی من چییه؟ له که‌وتنی ناوێک زیاتر له کاڵبوونه‌وه‌ی ده‌نگێک زیاتر
مردنی من چییه؟ له هیچ زیاتر.

2006

...............................................